سەرکان کوردی
sarkankurdee@yahoo.com


# ئاڵای کوردستان، پێشەوا و پاسۆک و پەڕلەمان

**"وەڵامێک بۆ بەشێک لە نووسراوەکەی کاک سامڕەند کە لە تۆڕگەی دیمانە Dimane.com لەژێر ناونیشانی (ئاڵای کوردستان و پاراستنی ئەمانەت) لە ڕۆژی 10 تەمووزی 2004دا بڵاوی کردۆتەوە"**

بێگومان من زۆر دەمێکە بیرم لەم ئاڵایە کردۆتەوە کە ئاڵاکەی پێشەوا نییە. بەڵام پێشم ڕەوانییە کە بە ئاڵای کوردستانی گەورەی نەزانم، چەند جارێک ویستوومە کە لەسەر ئاڵای کوردستان بدوێم بەڵام کەم کاتی و نەبوونی بەڵگەی زۆر و ڕاست و درووست ترسانمی لەوەی کە دەستپێبکەم. بۆچوونی یەکێک لەو برادەرانەی کە لەسەر ئەم بابەتە دواون لەدیمانە دەبێژێت "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" تا ئێستا ئەم ئاڵایەی وەک ئاڵای کوردستان هەڵنەکردووە، بۆ وەڵامی ئەو بەڕێزە من خۆم 5 ساڵ لەمەوبەر لە ئاهەنگی سەربەخۆیی کوردستاندا ئاڵای کوردستانم بۆ برادەرانی دیموکراتی ئێران برد وتیان ئەمە کارێکی زۆر گەورەیە برا فارسەکانمان (لادەرەکانی ئیمام خومەینی کورد کوژ) دڵنیگەران دەبن بە بینینی ئەو ئاڵایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەمان دەردی (پارتی و یەکێتی) هەیە کە ساڵی 1991 پاسۆک لەسەر بارەگاکان و دەزگاڕۆشنبیریەکانی خۆی ئاڵای کوردستانی هەڵکرد ئەوان وایان دەزانی کە ئەمە سەرەتایەکە بۆ دژایەتی کردنیان لەلایەن پاسۆکەوە.

با تۆزێک لەسەر ئەم ئاڵایەی کە ئێستا بە زۆرینەی دەنگ ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان وەک ئاڵای کوردستان (جا گەورە یان باشوور هیچ گرفت نییە) بڕیاریان لەسەر هەڵکردنی داوە. ئەم ئاڵایە ساڵی 1983 سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالستی کورد (پاسۆک) هاوبیری نەمر کاکە ئازاد موستەفا لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان پێشنیاری کرد بۆ سەرکردایەتی ئەو کاتەی (پاسۆک)، هاوبیرانی ئەو کاتەی شاخ بە ئەو پەڕی خۆشحاڵییەوە ئەو پێشنیارەی هاوبیر ئازادی نەمریان بە بەرزی نرخاند، ئەو ئاڵایەی کە هاوبیر ئازادی نەمر هەڵی کرد پێکهاتبوو لە هەر سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز کە هەر وەک ئەم ئاڵایەی کە ئێستا هەڵکراوە و ئەوەی پێشەوای نەمریش لەسەر هێڵی ئاسۆیی ڕەنگەکان لە سوورەوە بۆ سەوز دەچوو وە ڕۆژێکی گەشیش کە ژمارە تیشکەکانی لە 16 تیشک پێکهاتبوو لە ناوەندی ئاڵاکەدا دەدرەوشایەوە. بێگومان من تا ئێستا هیچ ئاڵایەکم نەبینیوە کە پاشماوەی شاخ بێت بەڵام ئێستا ئاڵایەکی کوردستان (پاسۆک)م* لەلایە کە لە ساڵی 1991 لە مەڵبەندی سولەیمانی پاسۆکەوە پێشکەش بە خۆشکێکم کرابوو بۆ ژووری بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی

فریاکەوتنی کوردستان (KRA) پاش دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ ئەو ئاڵایە لەگەڵ خوشکەکەما نێردرایەوە ماڵەوە بەهۆی ئیمزانەکردنی بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئەو ئاڵایە ئێستا لە ئەمریکایە لای خۆمان و بۆ یادگاری شەهیدە سەربەرزەکانی (پاسۆک) هەر هەڵمانگرتووە و ڕۆژێک دەبێت لە موزەخانەیەکی کوردستانی فیدراڵی یەکگرتوودا وەک پیرۆزترین و بەنرخترین پاشماوەکانی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشی گوڵان و (پاسۆک) مۆزەخانەکەی پێ برازێتەوە.

ئەو ئاڵایەی کە لە لامە، تیشکەکانی پێکهاتوون لە 16 تیشک لە پاش بەدواچوونێکی زۆر و پرسیارکردن لە چەند هاوبیرێکی (پاسۆک) بۆم دەرکەوت ئەو 16 تیشکە نیشانەی 16 ئازارە ڕۆژی شەهیدانی هەڵەبجە، بەڵام هێشتا هەر بەلامەوە ئەمە ڕاست نییە چونکە وەک باسدەکردێت دەڵێن ئاڵاکەی هاوبیر ئازادی نەمریش 16 تیشکبووە، واتە لە ساڵی 1983شەوە هەر 16 تیشکی لە خۆی گرتووە، واتە ئەوەی لەمەڕ 16 ئازارەوە بۆ هەڵەبجە باسدەکرێت تەنها بۆچوونی ئەوهاوبیرانەیە و هیچی تر. بەڵام بەبۆچوونی من لەوانەیە ئەم 16 تیشکە بگەڕێتەوە بۆ 16 ئاب کە ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بێگومان 16 ئاب ڕۆژێکی مێژوویی گەلی کوردەو ئەمەش تەنها ڕۆژێکە کە 16ی مانگبێت و وە نزیکترینیشە لە مێژووەکەوە، چونکە وەک زۆر لە ئێمە دەزانین پارتی دیموکراتی کوردستان هەوێنی زۆربەی پارتە ڕامیاریەکانی کوردستانە بە تایبەتی (پاسۆک) چونکە زۆربەی زۆری سەرکردایەتی ئەو کاتەی (پاسۆک) کە پیک هاتبوون لە شەهیدانی سەرکەش (کاکە فەتاح ئاغا و کاکە ملازم موحەممەد شەوقی و کاکە ملازم کەریم و فەرهاد خەفاف) هەموویان پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و قوتابی ڕێبازی بارزانی بوو، بۆیە بە دووری نازانم کە ئەو 16 تیشکە بۆ 16 ئاب بێت. بەڵام پاش یەکگرتنی (پاسۆک) و (حسک) و پاشان (گەل)یش ئەو ئاڵایە لە یەکگرتنندا بەشێوەیەکی بەرچاو وەکو ئەوسا دیار نەما، بەڵکو ئاڵای شین کە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا وەک ڕەنگی یەکگرتن داندرا جێگای ئەم ئاڵایەی گرتەوە، وە ئەمە بووبە گرفتێکی زۆر گەورەی نێوان هاوبیرانی (پاسۆک) و (حسک) لەپاشاندا (گەل)ەکانیش زیاتر پشتی (پاسۆک)ەکانیان گرت کەبووە هۆ پچڕاندنی شیرازە حیزبی یەکگرتنی کوردستان و حسک هەر لەسەرەتای درووستبوونی یەکگرتنی دووەم کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بوو خۆی بۆ جیابوونەوەیەکی گەورە ئامادە کرد بەڵام خەونی بوونی (موحەممەدی حاجی مەحموود) بە جێگری سەرۆک لە کۆنگرەی 11ی پارتی کە بە کۆنگرەی یەکگرتن ناوی دەرکرد (حسک)ی یەشتەوە تاکوو دوای کۆنگرەی 11.

ئەمانە هەمووی لەلایەک و ساڵی 1998 کە پەڕلەمانی کوردستان بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی دا لەژێر ناوچەکانی دەستەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەک، ئەم بڕیارە بە بۆچوونم لە سەر داوی بەڕێز مەسعوود بارزانی بوو. بڕیارێکی دڵخۆشکەربوو بۆ گشت کوردێک، جا خوایەکرد کوردی (ئەرجەنتین ئەبوو)**. بەڵام ئەم ئاڵایەی کە پەڕلەمانی کوردستان هەڵی کرد وەک کاک (سامڕەند) لە دتۆڕگەی دیمانە وەسفی داوە ئاڵاکەی پێشەوا نیە بەڵکو ئاڵایەکی تازەیە و زۆر نزیکە لە ئاڵاکەی قازیەوە بەڵام پتر لەو ئاڵایەوە نزیکە کە هاوبیر ئازادی نەمر لەساڵی 1983دا لە سەرکردایەتی (پاسۆک) لە شاخ هەڵیکرد، تەنها جیاوازی نیوان ئەم ئاڵا تازەیەو ئەوەی هاوبیر ئازادی نەمر ژمارەی تیشکەکانی ئاڵاکەیە کە پەڕلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ 21 تیشکیان دانا کە نیشانەی وەبیرهێنانەوەی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردیە کە 21ی ئازاری هەموو ساڵێک نەورۆزەو یادی ئازادکردنی کەرکوکی دڵی کوردستانیشە لە ساڵی 1991دا. بە داخەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تا ماوەیەکی زۆر ئەو ئاڵایەی هەڵنەکرد، بەڵام کاتێک کە هەڵیشی کرد ئاڵای عێراقی لەتەنیشتیەوە قوتکردەوە، کە ئەمە تاکوو نووسینی ئەم بابەتەش هەر لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی یەکێتی بەردەوامە. بەهیوام کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دایگرن، چونکە ئەو ئاڵایە تەنها بۆ یەکێتی نیشتیمانی عەرەب باشە نەک بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی گەورە.

بەلامەوە گرنگ نیە ئێمە وەک کورد چ ئاڵایەکیان هەڵکەین بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هەڵی بکەین، چونکە ئاڵای کوردستان نیشانەی یەکدەنگی و تەبایی و یەکسانی نێو ڕیزەکانمانەو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان گەر بەمنبێت لە سەر دەرگای کۆڵانەکانیش هەڵیواسن. وە هەروەها وەک چۆن یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەمان ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە کە پەڕلەمانی کوردستان هەڵی کردووە هەموو پارتەکانی کوردستان (بە باکور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)وە پێویستە هەڵی بکەن.

ئەمەش نموونەی ئاڵاکانی کوردستانە، جا لە کەموکوڕیم چاوپۆشی بکەن، وە ڕاز و گلەییەکانتان بنێرن بۆم.



ئاڵای پێشەوا قازی موحەممەد کە لە گۆڕەپانی (چوار چرا)ی شاری موهابادا لە 2ی ڕێبەنداندا هەڵکرا. ئەم ئاڵایە لەسەر هەمان شێوەی ئەندازیاری ئاڵای کوردستانی ساڵی 1998ی پەرلەمانی کوردستان درووستکراوە، چوونکە هیچ جۆرە بەڵگەیەکی ئەندازیاری کۆنم پێ نیە بۆ نەخشاندنی ئاڵاکە.



ئەم ئاڵایە ئەو ئاڵایەیە کە لە ساڵی 1983وە (پاسۆک) هەڵیکرد ئەم ئاڵایە تاکوو ساڵی 1998یش تاکە ئاڵابوو کە بە ئاڵای کوردستان بناسرێت لە دنیا. تیشکەکانی لە 16 تیشک پێکهاتبوون و لە سەرەوە بە دوور و درێژیی باسی لێوە کراوە. لەسەر هەمان شێوەی ئەندازیاری ئاڵای کوردستانی ساڵی 1998ی پەرلەمانی کوردستان درووستکراوە. دەتوانم بڵێم نەخشەی ئاڵای ساڵی 1983 و 1998 هەمان شێوەیە چونکە پەرلەمان لەسەر ئاڵاکەی (پاسۆک) وەری گرت، تەنها تیشکەکانی گۆڕی.



ئەم ئاڵایە لە هاوینی ساڵی 1998 لە هەولێری پایەتەختی باشووری کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵکرا.

لە کۆتایدا هیوادارم کە ئاڵاکەمان لە بارەگای رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هەڵبکرێت تا ئێمەش بە سەیرکردنی کاتی شەکاندنەوەی لە نیوان ئاڵاکانی تری جیهان دڵخۆش وماندوو حەساوەبین. هەرشەکاوەبێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان، نەمری و سەربەرزی بۆ گیانی پاکی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان.

**هەر بژین بۆ کورد**

٭ ئەم ئاڵایە بە ئاڵای پاسۆک بەناوبانگ بوو.

٭٭ لەم دووایی‌یەدا یەکێک لە لێپرسراوە گەورەکانی تورکیا لە میدیاکاندا ووتی ئێمە دژی مافی کوردین، گەر لە ئەرجەنتینیش بێت ئێمە دژایەتی دەکەین.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET